کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 29-12-2006 11:40

# پیرۆزبایی بۆ ئەو کەسانەی ساڵەکانیان خۆشی و ڕۆژەکانیان جەژنە ... دیار کەمال چەرمەگا



هەر لە دێر زەمانەوە بەناوی ووشەی یەکسانیەو دادپەروەریەوە ستەم و درۆ و قۆڵبڕینی زۆر کراوە، پێغەمبەری موسڵمانان دەڵی (ئادەمیزادەکان وەکو دانی شانە وان هەموو یەکسانن)، جا کی هەیە حەز بەوە نەکات دادپەروەری و یەکسانی لەناومانا گەورەو پێشڕەو بێت نەك بە زمان بەڵکو بە کردەوە، ئایا جەژنی کەسێك کە کۆمەڵێك منداڵی بەسەردا کەوتوەو کرێچیەو لات پاڵەوانی خوایە نان نەبی بیخوات لەگەڵ جەژنی یەکێك کە سادەترین خوانی زیاتر لە سی چوار جۆر خواردنی بۆ ئامادەکرابێت دەبنە یەك؟، جەژنی یەکێك کە دەستی پان کردبێتەوە تا یەکی بەرخێك سەرببڕێت و بەشی ژەمێك گۆشتی وەك خێر پێببەخشی لەگەڵ یەکێك کە هەتا کۆتایی پاروو گۆشتی لێنەبڕێت دەبنە وەك یەك وان؟... لەم وڵاتەی من هەر قەدەر وابووە وەکو دەریا چۆن (ماسی گەورە ماسی بچوك دەخوات) لێرەش هەر گەورە بچوکی خواردووە ژیان هەر بۆ گەورە بوەو بچوکیش هەر ئاخ هەڵکێشانەکەی پێبڕاوە، ئیتر نازانم پیرەمێردی شاعیر لەگەڵ کێی بوە کاتی وتویەتی: (ئەبی بەخشندە مل کەچ کا، لە ڕاستی مووچەخۆری خۆی... سوراحی بۆ پیاڵە سەر فرۆ دێنی کە تێکا بۆی)، گەر پیرەمێرد ئێستا بمایە وبە چاوی خۆی دەیبینی کە بەخشندەکانی ئێمە پاسەوانەکانیشیان ئامادە نین سەر فرۆ بێنن بۆ هاوڵاتیەکی هاو زمان و هاونشینی خۆیان ئەو هۆنراوەیەی سەرەو گێر دەکرد، بۆیە بەبۆنەی هاتنی جەژنی سەری ساڵ و جەژنی قوربانەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئەوانە دەکەم کە گەورەن و بچوکەکان دەبن بەژێر دەست و پێیانەوە، بۆ ئەو کەسانەی خاوەن دوو ڕەگەزنامەی هەندەرانین و خاوەن پلەو پایەی بەرزن، بۆ ئەو کەسانەی هەڵگری ئاڵای موسڵمانانن و پاسەوانەکانیان مردوون لە برسا، بۆ ئەو کەسانەی دوو جار زەویان وەرگرتوەو چاوەرێی جاری سێیەمن، بۆ ئەوکەسانەی مانگانەیان بیست ئەوەندەی مانگانەی منی دەرچووی بەکالۆریۆسە و ناشوکرن و دەڵێن پارتەکەمان هیچی بۆ نەکردووین، بۆ ئەو کەسانەی تا ئێستا بە ڕێکەوتیش ناوی شاپاوەو پۆتیناوەتان نەکەوتۆتە بەرگوی، بۆ ئەو کەسانەی کە شازدە ساڵە نازانن کارەبا بڕان چیەو ناشیانەوی بزانن شازدە ساڵە بۆ کارەبا نیە، بۆ ئەو کەسانەی بە خێزانەوە دەستیان گرتوە بەسەر دەزگایەکی حکومی و ئیرەیی بە کورە هەژارێك دەبەن دابمەزرێت، بۆ ئەو کەسانەی نیوەی (سلێمانی) یان کریوەو چاویان بریوەتە نیوەکەی تریش، بۆ ئەو کەسانەی کە ووشەی کوردستان ئاڵا وشەهید لایان بوە دۆلارو کۆمپانیا و مۆنیکا... هەمووتان لە سایەی ئێسکی ئەنفال و خوێنی شەهیداندا هەموو ڕۆژێکتان جەژن بێت هەموو ساڵێکتان خۆشی.... جا نازانم ئەم جەژنە لە کوردستانن یان سەفەری دەرەوەی وڵاتان کردووە چونکە بەناشوکری نەبێت کوردستان بۆ ئێوە جگە لە پارەکەی هیچی تێدانیە تا دڵی مردووتان پێی بکرێتەوە.

diyar1979@yahoo. com